# صیلە ڕەحم وبەجێهێنانی خزمایەتی وهۆشداریدان لەبچڕاندنی

[ كردي – کوردی – kurdish ]

حاجی ئومێد چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ فضل صلة الأرحام والحذر من قطيعتها ﴾

« باللغة الكردية »


أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2012 - 1433

IslamHouse.com

# صیله ڕەحم وبەجێهێنانی خزمایەتی وهۆشداریدان لەبچڕاندنی

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە و تاك و تەنها ودرود وڕەحمەتی فراوانیش بۆ سەر پێغەمبەری ئیسلام محمد المصطفى وئال وبەیت وهاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

خوێنەری ئازیز ئەوەی لەبەردەستی ئێوەی بەرێزدایە کۆمەڵێکە لە ئایەت وفەرموودەی پیرۆز و فەتوای شەرعی و ووتەی زانایان لەسەر گرنگی وپێویستی بەجێهێنانی خزمایەتی (صیلەی ڕەحم) وبەروبومەکانی، لەگەڵ هۆشداریدان لەبچڕاندنی خزمایەتی .

خوای گەورە ئەفەرموێت : ﴿ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِی تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَیۡكُمۡ رَقِیبًا ﴾ {النساء :1} واتە : لەو خوایە بترسن کە بەناوی ئەو یەکتری سوێند دەدەن و لەیەکتر بەو داوا دەکەن ، بۆنمونە ئەڵێن: لەبەر خوا ئەوکارەم بۆ بکە، ئەو شتەم بدەرێ، وە هەروا خۆشتان لە مافی خزمایەتی بپارێزن و

پشت لەیەکتر نەکەن و، هاوکاری یەك بن و، لەکاتی بوون و نەبوون بەدەم یەکەوەبن، بێگومان خوا بەوردیی و هەمیشەیی ئاگادارو چاودێرە بەسەرتانەوە.

عن أبي هريرة (رضي الله عنه) قال : قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم) : « مَنْ كَانَ يُؤمِنُ باللهِ واليوم الآخر فليصل رحمَهُ » {متفق عليه} واته : هەرکەسێك باوەڕی بەخوا وبەرۆژی دوایی هەیە با خزمایەتی (صلة رحم) بەجێ بهێنێت .

**مەبەست لە (الأرحام ) کێیە ؟**

پرسیار کرا لە شێخ عبد العزيز ابن باز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئایا مەبەست لە (الأرحام) وخزمە نزیکەکان کێیە؟ چونکە هەندێك کەس دەڵێن کە خزمانی خێزانت لە (الأرحام) نین .

بەڕێزی لەوەڵامدا ووتی : مەبەست لە ( الأرحام) ئەو خزمانەیە کە لە نەسەبی تۆیە لە لای دایکت وباوکتەوە وئەوانەیش مەبەستن لە بەجێهێنانی صیلەی ڕەحم لەگەڵیاندا، خوای گەورە لەسورەتی الانفال والاحزابدا فەرموویەتی : ﴿ وَأُوْلُواْ ٱلۡأَرۡحَامِ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلَىٰ بِبَعۡضٖ فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِۚ ﴾ {الانفال : 75} واتە : ئەوانەش کە

(سەرەڕای پەیوەندی ئیمانی) پەیوەندی خزمایەتیشیان هەیە، هەندێکیان شایستەترن بەهەندێکی تریانەوە لە کتێبەکەی خوادا.

نزیکترین کەسیش لەخزمان باوك ودایك وباپیر ونەنك وکوڕ وکچ و کوڕەزاو کچەزایە وئەوەیشی لەنەوەی ئەمانە بێت، ئەمجا هەرکەسێکی تر بەپێی نزیکی لەتۆوە لەبرا وبرازا ومام وپور ومناڵەکانیان لەگەڵ خاڵ وخوشکی دایك ومناڵەکانیان، فەرموودەیەکی صەحیحیش لەپێغەمبەرەوە(صلی الله علیه وسلم) ڕیوایەتکراوە، کە کەسێك پرسیاری لێکرد ، «مَنْ أبَرُّ يارسول الله ؟ قال : " أمُكَ " قَالَ ثُمَّ مِنْ ؟ قَالَ : " أمُكَ " قالَ ثم من ؟ قَالَ : " أمُكَ " قال ثُمَّ منْ ؟ قالَ : " أبَاكَ " ثُمَّ الأقرَبُ فالأقرب» {ئیمامی موسلیم ڕیوایەتی کردووە} واتە: کێ بە من نزیکترین کەسە بۆ ئەوەی چاکەی لەگەڵ بکەم ئەی پێغەمبەری خوا؟ لەوەڵامدا فەرمووی : دایکت، ئەمجا ووتی ئەی پێغەمبەری خوا کێی تر ؟ فەرموویەوە : دایکت، ئەمجا پرسیاری کردەوە ووتی : پاشان کێی تر، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەورمووی : دایکت، ئەمجا ئەو کەسە پرسیاری کردەوە ووتی : ئەمجا کێی تر ؟ فەرمووی : باوکت، پاشان کەسانی نزیکتر ونزیك لەتۆ ، فەرمودەی تر لەم بارەیەوە زۆرن .

بەڵام خزمانی خێزان لە (الارحام) ی پیاو نین ئەگەر هاتوو لەبنەمادا هەر خزمی نەبوون، بەلام ئەبن بە (الارحام) بۆ منالّەکانی، خوای گەورە هەموو لایەکمان موەفەق بکات { فتاوى إسلامية} .

**بەچ شتێك (صلەی ڕەحم ) خزمایەتی بەجێ بهێنم ؟**

بەجێهێنانی خزمایەتی (صیلەی ڕەحم) بەچەن شتێك دەبێت، بەسەردانی وزیارەتکردنیان، یان بەدیاری بۆ بردنیان، وە یان بە پرسیارکردن وهەواڵ پرسینیان، یان بە یارامەتیدان ودەستگیرۆی کردنی کەسانی کەمدەرامەت وهەژارانیان، ڕێزی گەورەکانیان بگریت، وە خزمایەتی بە میوانداری کردن و پێشوازی گەرم لێکردنیان، بەشداری کردنی خۆش وشادیان، بەتەنگەوە بوونیان لەکاتی ناخۆش ومەرگی ئازیزانیان، وە رهەروەها دوعا ونزای خێر بۆکردنیان، هەوڵبدە هەمیشە سینەت ساف بێت وبوغز کینە لەدڵ مەگرە بەرامبەریان، وەڵامدانە و بەدەمەوچوونی دەعوت وبانگهێشتیان وبەسەرکردنەوەی نەخۆشەکانیان، بانگ کردنی ئەوانەیان کە گومڕا بوون و

پێویستیان بە نەصیحەت وئامۆژگاری تۆ هەیە، هەولْبدە ئەگەر خراپەیەکت لێ بینین بەشێوەیەکی جوان ڕێگریان لێ بکە وفەرمانیان بەچاکە بەسەردا بکە .

ئیمامی نەوەوی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەفەرموێت : صیلەی ڕەحم بریتیە لە ئیحاسان وچاکەکاری لەگەڵ خزماندا هەرکەس بەگوێرەی خۆی، هەندێك جار بەجێهێنانی صلەی ڕەحمی خومان بە ماڵ بەخشین دەبێت، وەهەندێك جاریش بەخزمەتکردنیان، وە هەندێگ جاریش بەسەردانی کردن وسەلام لێکردن وهەواڵ پرسینیان دەبێت ..

**بەجێهێنانی صلەی ڕەحم وخزمایەتی هەر واجبە ئەگەر خزمەکانیشت بیبچڕێنن**

عن أبي هريرة (رضي الله عنه) أن رجلا قال : يارسول الله. إن لي قرابة أصلهم ويقطعوني. وأحسن إليهم ويسيئون إلي، وأحلم عليهم ويجهلون علي. فقال النبي (صلى الله عليه وسلم) : « إن كنت كما قلت فكأنما تسفهم المل، ولايزال معك من الله ظهير عليهم ما دمت على ذلك » {رواه مسلم} واتە : پیاوێك لە پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) ی پرسی : ئەی پێغەمبەری خوا من

هەندێك خزمم هەیە لەگەڵیان خزمایەتی ئەكەم وصیلەی ڕەحم بەجێ دەهێنم كەچی ئەوان لەگەڵم ئەیبچڕێنن، من لەگەڵیان چاك دەبم كەچی ئەوان خراپن لەگەڵم، ئارامدەگرم لەسەریان وخەویان پێوە دەبینم كەچی ئەوان منیان پشتگوێ خستووە، پێغەمبەریش (صلى الله علیه وسلم) فەرمووی : ئەگەر وابیت كە دەیڵێیت : ئەوا وەك ئەوە وایە تۆ خۆڵەمێشی گەرمیان دەرخوارد بدەیت، وە بزانە كە خوای گەورە هەمیشە لەگەڵ تۆیە و پشتیوانتە مادام تۆ لەسەر ئەو كارەی خۆت بیت .

**سوود وبەروبوومی بەجێهێنانی خزمایەتی (صلەی ڕەحم)**

**بەجێهێنانی خزمایەتی (صلەی ڕەحم) هۆكاری لێخۆش بوونی تاوانەكانە .**

عن ابن عمر (رضي الله عنه) قال : أتى النبي (صلى الله عليه وسلم) رجلٌ فقال : إني أذنبتُ دنباً عظيماً، فهل لي من توبةٍ ؟ فقال النبيُ (صلى الله عليه وسلم) : « هلْ لكَ من أمٍ ؟ " قال : لا، قالَ : " فهل لكَ من خالةٍ ؟ " قالَ : نَعَمْ، قالَ : " فَبرّهَا » {رواه الترمذي والحاكم} واتە : پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) ولێی پرسی : من تاوانێكی زۆر گەورەم كردووە، ئایا تەوبە بۆ

من هەیە (ئەتوانم تەوبە بکەم) ؟ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی : ئایا دایکت ماوە ؟ پیاوەکە ووتی : نەخێر، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لێی پرسی : ئایا پورت (خوشکی دایکت ماوە ) ؟ پیاوەکە ووتی : بەڵێ ، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێی فەرموو : دەی کەواتە چاك بە لەگەڵیدا .

**بەجێهێنانی خزمایەتی (صلەی ڕەحم) هۆکاری زیاد بوونی ڕزق وڕۆزی وتەمەنە**

عنْ علي بن أبي طالب (رضي الله عنه) عن النبي (صلى الله عليه وسلم) قال : « منْ سَرّهُ أن يمُدَّ لهُ في عمرهِ، ويوسع لهُ في رزقهِ، ويدفع عنهُ ميتة السوءِ، فليتق اللهَ، وليصلْ رحمهُ » {رواه الحاكم والبزار بسند جيد} واتە : هەرکەسێك پێی خۆشە کە تەمەنی درێژ بێت (یان بەرەکەت بکەوێتە تەمەنیەوە) وە ڕزق وڕۆزی فراوان وبەرەکەتدار بێت، وە مردنی خراپی لێ دوور بکەوێتەوە، ئەوە با لەخوا بترسێت وخزمایەتی و(صلەی ڕەحم ) بەجێ بهێنێت .

وعن أنس (رضي الله عنه) أن رسول الله (صلى الله عليه وسلم) قال : « من أحب أن يبسط له في رزقه، وينسأ له فى أثره، فليصل رحمه » {رواه البخاري

ومسلم} واته: هەركەسێك حەز دەكات كە بەرەكەت بكەوێتە ڕزق وڕۆزیەوە وتەمەنی درێژ بێت وبەرەكەتی تێ بكەوێت با خزمایەتی (صلەی ڕەحم) بەجێ بهێنێت .

**بەجێهێنانی خزمایەتی (صلەی ڕەحم)  خۆشەویسترین كاروكردەوەیە بەلای خوای گەورەوە .**

عن رجل من خَثْعَم قال: أتيتُ النبي (صلى الله عليه وسلم ) وهو في نَفَر من أصحابه، فقلتُ: أنت الذي تَزعُمُ أنك رسولُ الله؟ قا ل : " نعم "، قال: قلتُ: يا رسولَ الله، أيُّ الأعمال أحبُّ إلى الله؟ قال : " الإيمانُ بالله " ، قال: قلتُ: يا رسولَ الله، ثم مَه؟ قال: «ثم صِلَةُ الرَّحِم»، قال: قلتُ: يا رسولَ الله، ثم مَهْ؟ قال: «ثم الأمرُ بالمعروف، والنهيُ عن المنكَر». قال: قلتُ: يا رسولَ الله، أيُّ الأعمالِ أبغَضُ إلى الله؟ قال: «الإشراكُ بالله»، قال: قلتُ: يا رسولَ الله، ثم مَهْ؟ قال: ثم قطيعةُ الرَّحِم، قال: قلتُ: يا رسولَ الله، ثم مَهْ؟ قال: ثم الأمرُ بالمنكَرِ والنهيُ عن المعروف » { رواه أبو يعلى بسند جيد} واتە : پیاوێك لە خەثعەم ئەگێڕێتەوە ودەڵێت : هاتم بۆلای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەناو

کۆمەڵێك لەهاوەڵانیدا بوو، ووتم : ئەوە تۆ ئەو کەسەیت کە واگومان ئەبەیت کە پێغەمبەری خوایت ؟ فەرمووی : بەڵێ، کابرا ئەڵێت : ووتم ئەی پێغەمبەری خودا، چی کارێك زۆر لای خوای گەورە خۆشەویسترە؟ فەرمووی : باوەڕ بەخوای گەورە، ئەڵێت : ووتم ئەی پێغەمبەر خودا، پاشان چی تر ؟ فەرمووی : پاشان صیلەی ڕەحم بەجێ بهێنە، ئەڵێت : ووتم ئەی پێغەمبەری خودا، پاشان چی تر؟ فەرمووی :فەرمان کردن بەچاکە وقەدەغەکردن لەخراپە، ئەڵێت : ووتم ئەی پێغەمبەری خودا چی کارێك خوای گەورە زۆر تووڕە دەکات، فەرمووی : هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای گەورە، ئەڵێت : ووتم پاشان چی تر؟ فەرمووی : بچڕاندنی صیلەی ڕەحم، ئەڵێت : ووتم پاشان چی تر؟ فەرمووی : فەرمانکردن بەخراپە وقەدەغەکردن لەچاکە .

**بەجێهێنانی خزمایەتی (صلەی ڕەحم) هۆکاری چوونە بەهەشت ورزگاربوونە لەدۆزەخ .**

عَنْ أبي أيوب (رضي الله عنه) أن أعرابيا عرض لرسول الله (صلى الله عليه وسلم) وهو في سفر فأخذ بخطام ناقته أو بزمامها ، ثم قال يا رسول الله أو يا

محمد، أخبرني بما يقربني من الجنة ، وما يباعدني من النار ، قال فكف النبي (صلى الله عليه وسلم ) ثم نظر في أصحابه ، ثم قال لقد وفق أو لقد هدى ، قال كيف قلت قال فأعاد فقال النبي (صلى الله عليه وسلم) «تعبد الله لا تشرك به شيئا وتقيم الصلاة، وتؤتي الزكاة، وتصل الرحم، دع الناقة " وفي رواية : " وتصل ذا رحمك " فلما أدبر قال رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) " إن تمسك بما أمرته به دخل الجنة » {رواه البخاري} واته : دەشتەكیەك لەسەفەرێكدا دەستی گرتبوو بە ڕەشوەی ووشترەكەیەوە ووچووە لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وپێی ووت : ئەی پێغەمبەری خوا، یان ئەی محمد پێم بڵێ چی شتێك لەبەهەشتەوە نزیكم دەكاتەوە ولەدۆزەخیشەوە دوورم دەخاتەوە؟ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وازی لەڕۆشتن هێنا وپاشان سەیری هاوەڵەكانی كرد وفەرمووی : بێگومان ئەم پیاوە موەفق بوو یان خوای گەورە ڕێنموونی كرد لەپرسیارەكەیدا، ئەمجا فەرمووی : چیت ووت؟ ئەڵێت پرسیارەكەی دووبارە كردەوە، پاشان پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەوەڵامیدا فەمووی : خوای گەورە بپەرستە وهیچ شەریك وهاوەڵی بۆ بڕیار مەدە، ونوێژەكانت بكە و زەكاتی ماڵوسامانت بدە، وصیلەی ڕەحم بەجێ بهێنە، لەم كاتەدا پێغەمبەر

(صلی الله علیه وسلم) بو کابرا دەشتەکیەی فەرموو : واز لە ووشترەکەت بهێنە بۆ ئەوەی باش لەوەڵامی پرسیارەکەی بگات... لەڕیوایەتێکی تردا هاتووە، صیلەی ڕەحم بەجێ بهێنە، پاشان کابرای دەشتەکی ڕۆیشت وپشتی هەڵکر، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی : ئەگەر ئەوەی فەرمانم پێکرد جێ بەجێیان بکات ئەوە دەچێتە بەهەشتەوە .

**بەجێهێنانی صیلەی ڕەحم نابێت بە بەرامبەر بێت**

هەندێك لەخەڵکی بەو شێوەیە صیلەی ڕەحم بەجێ دەهێنن ئەگەر هاتوو خزمەکانی لەگەڵیدا بەجێیان هێنا، خۆ ئەگەر ئەوان صیلەی ڕەحمیان لەگەڵدا بچڕاند ئەوا ئەویش دەیبچڕێنێت، لەڕاستیدا ئەمە پێی ناوترێت بەجێهێنانی صیلەی ڕەحم، بەڵکو ئەمە وەڵامدانەوەی چاکەیە بەچاکە، کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات لەبەرامبەر خزم و غەیری خزمیشدا، چونکە وەڵامدانەوەی چاکە بەچاکە تایبەت نییە بەخزمانەوە، بەڵکو بەجێهێنانی صیلەی ڕەحم ئەوەیە مرۆڤ لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە لەگەڵ خزمەکانیدا بەجێی بهێنێت ئەگەر خزمەکانی لەگەڵ ئەمیشدا بەجێی نەهێنن، هەر لەبەر ئەوەیە پێغەمبەری خودا (صلی الله

عليه وسلم) فەرموویەتی : « ليس الواصل بالمكافىء، ولكن الواصل الذي إذا قطعت رحمه وصلها » {رواه البخاري ومسلم} واته : بەجێهێنەری صیلەی ڕەحم ئەو کەسە نیە لەبەرامبەردا صیلەی ڕەحم بەجێ بهێنێت، بەڵکو بەجهێنەری صیلەی ڕەحم ئەو کەسەیە ئەگەر کاتێك خزمانی صیلەی ڕەحمیان بچڕاند ئەم پەیوەستی بکاتەوە وبەجێی بهێنێت .

**سزای ئەو کەسەی کە صیلەی ڕەحم ئەبچڕێنێت**

- **ئەو کەسەی صیلەی ڕەحم ببچڕێنێت ناچیتە بەهەشتەوە**

عن جبير بن مطعم رضي الله عنه أنه سمع النبي (صلى الله عليه وسلم) يقول : « لا يدخل الجنة قاطع " قال سفيان : يعني قاطع رحم » { رواه البخاري ومسلم} واتە : جوبەیری کوڕی موطعم (خوای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە کە گوێی لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) بوو دەیفەرموو : ناچێتە بەهەشتەوە ئەو کەسەی کە بیبچڕێنێت، سوفیان ئەڵێت : مەبەست لەو کەسەیە کە صیلەی ڕەحم دەبچڕێنێت .

عن أبي موسى (رضي الله عنه) أن النبي (صلى الله عليه وسلم) قال : « ثلاثة لا يدخلون الجنة : مدمن الخمر ، وقاطع الرحم ، ومصدق بالسحر » {رواه أحمد وابن حبان} واته : ئەبو موسى (خوای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : سێ کەس ناچێتە بەهەشتەوە، کەسێك لەگەڵ خواردنەوەی مەی ڕاهاتبێت و مودمن بووبێت، وە کەسێکیش کە صیلەی ڕەحم ببچڕێنێت، وە کەسێکیش کەباوەڕی بە سیحر وجادوو ببێت .

- **ئەو کەسەی کە صیلەی ڕەحم ببچڕێنێت کاروکردەوەی وەرناگیرێت**

عن أبي هريرة رضي الله عنه قال : سمعت رسول الله (صلى الله عليه وسلم ) قال : « إن أعمال بني آدم تعرض كل خميس ليلة الجمعة ، فلا يقبل عمل قاطع رحم » {رواه أحمد} واته : ئەبوهورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە وئەڵێت : گوێم لە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) بوو، فەرمووی : کاروکردەوەکانی مرۆڤ هەموو پێنج شەممە شەوێکی ڕۆژی هەینی پیشان دەدرێت، کاروکردەوەی ئەو کەسە وەرناگیرێت کە صیلەی ڕەحم دەبچڕێنێت .

**ڕێگری کردن لەخێزان لەبەجێهێنانی صیلەی رەحم وخزمایەتی**

پرسياركرا له شێخ صالح الفوزان : ئايا دروسته پياو ڕێگرى له خێزانى بكات لەبەجێهێنانى صيلەى ڕەحم وخزمايەتى، بەتايبەتى باوك ودايك ؟

بەرێزى لەوەڵامدا ووتيان : بەجێهێنانى صيلەى ڕەحم وخزمايەتى واجبێكى شەرعيە، ودروست نييه بۆ پياو ڕێگرى له خێزانى بكات لەبەجێهێنانى صيلەى ڕەحم وخزمايەتى، چونكه بچڕاندنى صيلەى ڕەحم وخزمايەتى لەگوناهە گەورەكانە، وە دروستيش نييه ژن لەم مەسئەلەيەدا گوێڕايەڵى پياوەكەى بكات، لەبەر ئەوەى كه بنەمايەكى شەرعيمان هەيە دەڵێت : « لا طاعة لمخلوق في معصية الخالق» واته : گوێڕايەڵى دروستكراوێك ناكرێت لەسەرپێچى كردنى خواى گەورەدا، بۆيه صيلەى ڕەحمى بەجێ بهێنێت لەماڵى تايبەتى خۆى، وسەردانيان بكات ومەگەر لەكاتێكدا نەبێت ئەگەر هاتوو سەردانى كردنى خزمەكانى ببێت بەهۆى زيان لێدان به هەقى پياوەكەى، وەك ئەوەى كاتێك يەكێك لەخزمەكانى بيەوێت نێوان ئەو وپياوەكەى تێك بدات، لەم كاتەدا پياوەكە دەتوانێت ڕێگرى له خێزانى بكات لەوەها سەردان وزيارەتێك، بۆيه ئەتوانێت ئەم صيلەى ڕەحمە بەشێوەيەكى تر بەجێ بهێنێت كه زيان له پەيوەندى خۆى وپياوەكەى نەدات، خواى گەورە زاناترە {المنتقى في فتاوى الشيخ الفوزان} .

**پێویسته ئەم جۆره مەجلیسانه بایكۆت بكرێن**

پرسیاركرا له شێخ ابن عثيمين (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) : لەو كۆڕ وكۆبونەوانەی كه خێزانەكەمان پێكەوه دادەنیشین زۆرجار غەیبەت وجگەره خواردن وياریكردن بەوەرەق وتەماشاكردنی دراما ڕوو دەدات، وه منیش ناتوانم ڕێگری ئەو جۆره كارانەيان لێ بكەم، لەترسی ئەوەی وەك خووی هەمیشەییان یەكسەر جنێو دەدەن وقسه ئەڵێن بەزانا وبانگخوازان، ئايا من واز لەو كۆڕوكۆبوونەوانه بهێنم وبايكۆتيان بكەم، يان چی بكەم ؟

بەڕێزيان لەوەلامدا وتيان : واجبه لەسەر تۆ هەركاتێك نەتوانی ڕێگريان بكەيت لەو خراپەو ناشەرعيانه ئەوه دەبێت لەگەڵيان كۆ نەبيتەوه وبايكۆتی دانيشتن وكۆبونەوەكانيان بكەيت، چونكه هەركەسێك لەگەڵ خراپەكارێكدا دابنيشێت وڕێگری لێ نەكات ئەوه وەك ئەو بەشداره لەو گوناهەدا، بەبەڵگەی ئەم ئايەتەی كه دەفەرموێت : ﴿ وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِي ٱلْكِتَٰبِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلَا تَقْعُدُواْ مَعَهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُواْ فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِۦٓ إِنَّكُمْ إِذًا مِّثْلُهُمْ ...﴾ {النساء : 140} واته : بەڕاستی (خوای گەوره) له

قورئاندا ئەم بڕیارەی ناردووە بۆ سەرتان کە: هەر کاتێک لە جێیەکدا گوێتان لێ بوو کوفرو گاڵتە بەئایەتەکانی خوا دەکرا، ئەوە دامەنیشن لەگەڵ ئەوانەدا هەتا قسەو باسەکەیان بگۆڕن (ئەگەر دابنیشن و گوێ نەدەنێ) ئەوە بەڕاستی ئێوەش لەو کاتەدا وەک ئەوانن و (حسابی ئەوانتان بۆ دەکرێت) .

وە ئەگەر ئەوان ئەو صیلەی ڕەحمەی کە لەنێونتاندا هەیە بەهۆی ئەوەی کە تۆ تێکەڵیت نەکردوون وبایکۆتی کۆڕو کۆبونەوەکانیانت کردووە بچڕاندیان ئەوە هیچ زیانی نییە، جا ئەگەر ئەوان لەم حاڵەتەدا ئەو خزمایەتیەیان بچڕاند، ئەوە تۆ بەوەندەی پێت دەکرێت صیلەی ڕەحمیان لەگەڵدا بەجێ بهێنە، ئەوانیش بەهۆی ئەوەی صیلەی ڕەحمیان بچڕاندووە گوناهبار دەبن وتۆیش پاداشتی خۆتت دەست دەکەوێت {فتاوى إسلامية} .

**مافی خزمایەتیان بیر بهێنەوە**

پرسیارکرا لە شێخ ابن جبرین (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) : کاتێك لەگەڵ براکانی ترماندا لەماڵی برا گەورەکەمان بووین، باسی هەندێك بابەت ومەسئەلەمان دەکرد، لەپڕ جیاوازییەك دروست بوو بەهۆی باسکردنی بابەتێك

کەپەیوەندی بە پەروەردەکردنی منداڵەوە هەبوو، پاشان براگەورەکەم پێی ووتم لەماڵەکەم بچۆرە دەرەوە، دوای ئەوە هەستایە سەرپێ وبەربویە گیانم وباشی لێدام، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو براکانی تریشم لەگەڵیدا هەستانە سەرپێ ودەستیان کرد بەلێدانم، ئایا پاش ئەو هەموو سوکایەتی ولێدانەی کە براکانم پێیان کردم من گوناهبار دەبم ئەگەر صیلەی ڕەحم لەگەڵیان ببچڕێنم؟ وە ئەگەر گوناهباریش ئەبم من چی بکەم باشە، لەڕاستیشدا من کەسێکی زۆر حەساسم ؟

بەڕێزیشیان بەم شێوەیە وەڵامیان دایەوە : ئەم لێدانە بەبێ هۆ نەبووە ئەبیت هەر هۆکارێکی هەبووبێت، پێ دەچێت تۆ بێ ڕێزی و بێ ئەدەبیت کردبێت بەرامبەر براکانت یان کارێکی نەشیاوت کردبێت، یان ڕەخنەی نابەجێت لێ گرتبن بۆیە ئەو ئەنجامەی لێ کەوتوەتەوە وهەرهەموویان بەشداریان کردووە لەلێدانتدا، جا ئەگەر وابووە کە ووتمان ئەوە من بەباشی دەزانم کە بڕۆیت پۆزشیان بۆ بهێنیتەوە وداوای لێبوردنیان لێ بکەیت بەڵکو ئەوانیش لێت خۆش بن وپۆزشەکەت لێ وەربگرن و هەر هەموتان بگەڕێنەوە بۆ ئەو برایەتی وخۆشەویستیەی کە پێشتر لەنێوانتاندا هەبووە، پاشان من ئامۆژگاریشت ئەکەم ئەگەر هەر ئەوانیش لەسەر هەڵە بوون ئەوا جەنابت بچیت بۆلایان و داوای لێ

بووردنیان لێ بکەیت، و خزمایەتی ومافی برایەتیان بهێنەوە بیر کە خوای

گەورە لەسەری واجب کردوون، کە هەرکەس بیبچڕێنێت ئەوە خوای گەورەش

ڕەحم ومیهرەبانی لەگەڵدا دەبچڕێنێت، بەڵکو ئەم شیاوازە لەگەڵیاندا

کاریگەریەکی باشی لەسەر دڵ ودەروونیان هەبێت، خوای گەورەش

یارمەتیدەری هەمووان بێت. {مجموع فتاوی الشیخ ابن جبرین} .

**لەبەر خاتری خاترداران صیلەی رەحم مەبچڕێنە**

پرسیارکرایەوە لە شێخ ابن عثیمین (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) : دوو خوشکم

هەیە شویان کردوە بەدوو ئاموازی خۆیان، وماوەیەك پێش ئێستا جیاوازی

کەوتە نێوان هەردوو خێزانەکەوە، وای لێهات کە ڕێگری کرا لەسەردانی

یەکتر کردن، براکەم قبوڵی نەکرد کە زیارەتی خووشکەکانی بکات، بەهەمان

شێوە دایکیشم لەبەر خاتری براکەم ئەویش سەردانی کردنی خوشکەکانمی واز

لێهێنا، ئایا حوکمی ئەمە چیە .

بەرێزیان لەوەڵامدا ووتی : بەڵێ گوناهبار دەبن، چونکە بچڕاندنی صیلەی

ڕەحم حەرامە وگوناهێکە لەگوناهە گەورەکانیش، مەبەستیش لە (رحم)

خزمایەتیە، بەئەندازەی ئەوەی خزمەکان چەندێك نزیکتربن لەیەك ئەوەندە پەیوەستکردن ونەبچڕاندنی واجبتر دەبێت، وە دایکیشت دروست نییە لەبەرخاتری هیچ کەسێك صیلەی ڕەحمی لەگەڵ هیچ کەسێکدا ببچڕێنێت، بەڵکو واجبە لەسەریشی کە صیلەی ڕەحمی بەجێ بهێنێت وبەو کارە هەستێت کە خوای گەورە واجبی کردووە لەسەری، جا هەرکەسێك ڕازی بووە بەمە ئەوە ڕازی بووە بەوەی کە خوای گەورە واجبی کردووە لەسەری وهەر ئەوەیش خێرداره بۆی، خۆ ئەگەر ڕازیش نەبوو بەمە ئەوە نابێت گوێ بدرێت بەوەی کە فلان و فیسار کەس زوویر دەبن، چونکە بەجێهێنانی خزمایەتی واجبە، ونابێت لەبەر خاتر وخۆشەویستی هیچ کەسێك ببچڕێنرێت .{فتاوی إسلامية} .

تۆ هۆکاری ئەم بچڕانە بوویت

پرسیارکرا لە لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی وفەتوادانی شانشینی عەرەبستانی سعودیە : سێ پووری باوکم هەن هەر هەموویان لەسەر ئەوە کۆك بوون کە خزمایەتیم لەگەڵدا ببچڕێنن و بەهۆی ئەوەی کە میراتیەك

لەنێوانماندا هەبوو دەیانویست بەبێ ئەوەی پرس بەمن بکەن بیفرۆشن، وکەسیش نەزانێت هەق ومافی خۆی چەندێکە، منیش هەستام ئەو کەسەی کە کڕی بووی بانگم کرد و ئەو پارەیەی کە پوورەکانم وەریان گرتبوو بۆم گەڕاندەوە، لەکاتێکدا من هیچ سوودمەند نابم لەپارەی ئەو موڵکانە وئیستفادەیشم نەکردووە لێیان، دوایش سەفەرم کرد و وزام لێی هێنا بۆیان، منیش تەنها ئەوەم دەوێت لێیان کە لەسەر ئەو کێڵگە کشتوکاڵییەی کە هەمانە بژین وخانوەکەیش تێیدا دابنیشن بەومەرجەی هیچ تەصەڕوفێکی تری پێوە نەکەن ونەیفرۆشن، پاش ئەوەی ئەوان خزمایەتیان لەگەڵ مندا بچڕاند، منیش دوورە پەرێزیم لەوان گرت وبۆخۆم مامەوە، ئێستاش زۆر ئەترسم لە بچڕاندنی خزمایەتی لەگەڵیاندا، ولەوە ئەترسم کە خوای گەورە سزای بچڕێنەری خزمایەتیم بدات، ئێستا حوکمی ئەمە چیە .

ئەوانیش لەوەڵامدا ووتیان : ئەو کارەی تۆ کردووتە لەڕێگری کردنی پورەکانت لەفرۆشتنی هەق وماف وبەشە میراتی خۆیان کە لەباوکیانەوە بۆیان ماوەتەوە زوڵم وستەم ودەستدرێژی کردنە لەلایەن تۆوە، چونکە هەق ومافی هەریەك لەپورەکانتە کە بەئارەزووی خۆیان تەصەڕوف بکەن بە بەشە میراتی

خۆیانەوە، وە بۆ هیچ کەسێکیش نییە کە ڕێگریان لێ بکات لە تەصەڕوف کردن بەمافی خۆیانەوە مادام ئەوان ئەو هەق ومافە خوای گەورە پێی داوون، وە بەنسبەت بچڕاندنی خزمایەتیشەوە تۆ هۆکاری ئەوە بوویت بۆیە دەبێت سەرەتا داوای لێخۆش بوون لەخوای گەورە بکەیت وتەوبە لەو گوناهە گەورەیش بکەیت، وە داوای لێبوردنیشیان لێ بکەیت و سەردانیشیان بکەیت، چونکە خوای گەورە فەرمانی کردووە بە بەجێهێنانی خزمایەتی و صیلەی ڕەحم، وفەرموویەتی : ﴿ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا﴾ {النساء : 1} واتە : لەو خوایەی بترسن کە بەناوی ئەو یەکتری سوێند دەدەن و لەیەکتر بەو داوا دەکەن ، بۆنمونە ئەڵێن: لەبەر خوا ئەوکارەم بۆ بکە، ئەو شتەم بدەرێ، وە هەروا خۆشتان لە مافی خزمایەتی بپارێزن و پشت لەیەکتر نەکەن و، هاوکاری یەك بن و، لەکاتی بوون و نەبوون بەدەم یەکەوەبن، بێگومان خوا بەوردیی و هەمیشەیی ئاگادارو چاودێرە بەسەرتانەوە، وە فەرموویەتی : ﴿ وَءَاتِ ذَا ٱلۡقُرۡبَىٰ حَقَّهُۥ ..﴾ {الإسراء : 26} واتە : مافی خزم و خوێشان بەجێ بهێنە و پەیوەندیەکان لە چوار چێوەی شەرعدا چاودێری بکەن .

زانایانیش کۆدەنگن لەسەر ئەوەی بەجێهێنانی خزمایەتی وصیلەی ڕەحم واجبە وبچڕاندنی حەرامە، بوخاری وموسلیم وغەیری ئەوانیش ڕیوایەتیان کردووە لەئەبوهورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : " من كان يؤمن بالله واليوم الآخر فليصل رحمه " واتە : هەرکەس باوەڕی بەخوا بەڕۆژی دوایی هەیە باصیلەی ڕەحم بەجێ بهێنێت .{ فتاوى إسلامية} .

**ڕێگری مەکە لەخێزانت کەزیارەتی خوشکەکەی بکات**

پرسیارکرایەوە لە شێخ ابن جبرين (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) : پیاوێك هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێك کرد، ئەم ئافرەتە خوشکێکی هەیە، کاتی خۆی ئەم خوشکەی بەهەموو شێوەیەك هەوڵیدا کە ئەم خوشکەی لەگەڵ ئەم پیاوەدا هاوسەرگیری نەکات، بەڵام قەدەر وویستی خوای گەورە وابوو کە ئەم هاوسەرگیریە کرا، ئەم پیاوەیش داوای لەخێزانی کرد کە پەیوەندی نەبێت لەگەڵ خوشکەکەیدا لەپێناو دوورکەوتنەوە لەهەندێك گیروگرفت بە هۆی ئەوەوە پێشهاتووە، بەڵام خێزانی سوور بوو لەسەر ئەوەی پەیوەندی

نەبچڕێنێت لەگەڵ خوشکەکەیدا بەبەڵگەی ئەوەی ئەگەر وەها کارێك بكات ئەوە

خزمایەتی وصیلەی ڕەحمی بچڕاندووە، وئەمەیش پێچەوانەی شەرع وئاینی

پیرۆزی ئیسلامە، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا پیاوەکەی سوورە لەسەر ئەوەی

خێزانی پەیوەندی لەگەڵ خوشکەکەی ببچڕێنێت، وەڵاممان بدەنەوە خوای

گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

بەڕێزیشیان لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا ووتیان : سەرەتا پێویستە لەسەر پیاوەکە

نیەت ومەبەست وکاروکردەوەی خۆی باش بكات، وپارێزگاری بكات لەسەر

عیبادەتەکانی ودووربکەوێتەوە لەو شتانەی کە حەرامکراون وسومعە وڕێزیان

پێی کەم دەبێتەوە وتانە دەدات لە عەدالەتی، پاشان دەبێت بەشێوەیەکی ڕێکوپێك

مامەڵە لەگەڵ خێزانیدا بكات، وە بەپێی توانای خۆی هەموو هۆكارێكی

خۆشبەختی وژیانێکی ئاسوودەی بۆ دەستەبەر بكات، وە دووریش بکەوێتەوە

لەهەموو ئەو شتانەی کە دەبێتە هۆی جیاوازی وناخۆشی ودووبەرەکی وڕق

بوونەوە لەنێوانیاندا، هەرکاتێك ئەمەی کرد ئەو کاتە خێزانیشی حەز

بەهاوسەرێتی وئاسوودەی پیاوەکەی دەکات لەژیانیدا، وڕازیش نابێت هیچ

کەسێك تانە وتوانجی لێ بدات وقسە وقسەڵۆکی بۆ هەڵببەستێت وبوهتانی بۆ

بکات، جا خوشکی بێت یان غەیری خوشکی بێت، ئەو کاتەش پیاوەکەی ڕێگری ئەوە لەخێزانی ناکات کە سەردانی خوشکەکەی بکات، وبترسێت کە ژیانی لێ تیك بدەن وببن بەهۆی جیابوونەوەیان، بەڵکو ئەو کاتە پێویستە لەسەر خێزانیشی خزمایەتی خۆی بەجێ بهێنێت وهاتوچۆ لەگەڵ خزمەکانیدا نەبچڕێنێت، کە هەڕەشەی لەسەرە وسزای سەختیش دانراوە بۆ کەسێك خزمایەتی ئەبچڕێنێت، بەم شێوەیەش ئەو ڕق وکینەیەی کە لەدڵی خوشکی خێزانەکەیدا هەیە بەرامبەر بە پیاوەکەی نامێنێت، وە هاندەریشی دەبێت لەسەر ئەوەی تەوبە بکات لەو کارەی و گومانی باشیشی هەبێت بەرامبەری، کاتێك کە دەبینێت مێردی خوشکەکەی خو وڕەوشتی زۆر جوان وبەرزە ..خوای گەورە هەموو لایەك سەرکەوتوو بکات .

**وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم**